کوردستان ... لەناوبردنی پێنج هەزار مین و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگیی

ئەمڕۆ دووشەممە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر لەناوبردنی زیاتر لە پێنج هەزار مین و پاشماوەی جەنگییان راگەیاند.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر، ڕایگەیاند: پێنج هەزار مینی دژەکەسیی جۆراوجۆر و پاشماوەی تەقەمەنی جەنگی وەک گوللە تۆپ و هاوەن و رۆکێتی بچووک و گوللەی قازیفە و نارنجۆک و گوللەی دۆشکە و کلاشینکۆف، لەلایەن تیمی لەناوبردن، لە چاڵی لەناوبردن لەسەر چیای بەردەبوکی سنووری ناحیەی گەڵاڵەی قەزای چۆمان، بە شێوازی کۆنترۆڵکراو و سەلامەت، لەناوبراون.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری مین لە هەولێر ڕایدەگەیەنێت: پلانی ئەوە هەیە ڕۆژانی داهاتوو بە چەند قۆناغێک ژمارەیەکی زیاتری تەقەمەنی کە لە شوێنی جیاجیا لە سنووری پارێزگای هەولێر و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کۆکراونەتەوە، لە هەمان شوێن لەناوببەن.